# پێوانەی واتای لاوەکی (مامۆستای زانکۆ) لای قوتابییان

پ.ی.د.عبدالواحد مشير محمود دزەیی
بەشی کوردی کۆلیژی زمان. زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

## پوختە

واتای لاوەکی ئەو واتا زیادەیە کە کەس و کۆمەڵگا دەیخاتە سەر وشە، ئەمەش لە ئەنجامی بەکارهێنان و دووبارەبوونەوەی زۆر یان تاقیکردنەوە لەگەڵ وشە واتاکە وەردەگرێت، کە هەندێکجار کەسی و تاکە و هەندێکجاریتریش گشتییە، لە ئەنجامی ئەمەدا لای تاکەکان چەمکێك دروست دەبێت، چەمك ئەو واتا هۆشەکییەیە کە لە مێشکی مرۆڤدایە و لەبارێکی گۆڕاودایە بە پێی کات و سەردەم دەگۆڕێت و فراوان دەبێت لای تاکەکان، وشەی (مامۆستای زانکۆ) یەکێکە لەم وشانەی کە چەندین واتای لاوەکی هەیە کە قوتابیان خستویانەتە پاڵ ناوی مامۆستای زانکۆ، ئەم باسە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی پێوانەی واتای لاوەکی ئەم وشەیە لە ڕێگای پێوانەی (ئۆزگۆد)، بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری کە دوو تەوەرە لەخۆدەگرێت: تەوەرەی یەکەم کە تایبەتە بە تایبەتمەندی و جۆر و پێوانەی چەمك و تەوەرەی دووەمیش باس لە پێوانەی واتای لاوەکی چەمکی (مامۆستای زانکۆ) دەکات لای قوتابی.

**پێشەکی :**

واتای لاوەکی تاك کە واتایەکی تاکەکەسییە جێگای بایەخی زمانەوانان و دەروونناسەکانە، چونکە یەکێکە لە تایبەتمەندی تاك و کەس کە بۆچوون و تێڕوانین دەخاتەڕوو، جا بۆ ئەوەی بەم تایبەتمەندییەی کەس بگەین لەسەرمانە ئەم چەمکە بپێوین سنوور و تایبەتمەندییان دەستنیشان بکەین، گواستنەوەی ئەم چەمکانەش لە ڕێگای زمانەوە دەبێت، بە واتایەکی تر ئەو زانیارییانەی کە قسەکەر یان نووسەر دەیەوێت بیگەیەنێت بۆ کەسانی تر لە ڕێگای وشەوە دایدەڕێژێت، کە ئێمە لەم باسەدا پێوانەی دەکەین .

أ- ناوونیشانی باسەکە :

ناوونيشانی باسەکە بریتییە لە : پێوانەی واتای لاوەکی ( مامۆستای زانکۆ ) لای قوتابییان .

ب- سنووری باسەکە :

باسەکە لە چوارچێوەی پێوانەی واتای لاوەکی چەمکی (مامۆستای زانکۆ) دەپێوێت و ئەم سیما واتاییانە دەخاتەڕوو کە (مامۆستای زانکۆ) لای قوتابی هەڵیگرتووە. لەم توێژینەوە (٣٣) قوتابی هەڵبژێردراون بە شێوەیەکی ڕەمەکی لە نێوان قوتابیانی بەیانیان لە هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ لە بەشی کوردی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٢-٢٠١٣ .

ج- ئامانج و گرنگی باسەکە :

ئەم باسە بۆ گەیشتن بە دوو ئامانج کاردەکات کە بریتین :

١- دەرخستنی سیما واتا لاوەکییەکانی (مامۆستای زانکۆ) لای قوتابی .

٢- پێوانەی رادەی بیرو بۆچوون تێڕوانین و نرخاندنی قوتابیە بۆ (مامۆستای زانکۆ) بە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ .

گرنگی باسەکە لەوەدایە تێڕوانین و بۆچوونی قوتابی دەربارەی (مامۆستای زانکۆ) دەخرێتە ڕووکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ناساندنی سیما لاوەکییەکانی (مامۆستای زانکۆ) لای قوتابی .

د- رێبازی باسەکە :

ئەم باسە لە چوارچێوەی (رێبازی وەسفی شیکاری) ئەنجام دەدرێت، لە چوارچێوەی تیۆری (ئۆزگۆد) بۆ پێوانەی واتای لاوەکی .

هـ- ناوەرۆکی باسەکە :

باسەکە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە : تەوەرەی یەکەم : باس لە تایبەتمەندی چەمك و جۆرەکانی دەکات و ئەم سەردێرانەی خوارەوە لە خۆوە دەگرێت : ( پەیوەندی نێوان زمان و دەروونناسی، چەمك و واتا، جۆرەکانی چەمك، دروستبوونی چەمك، پۆلینکردنی چەمك، پێوانەی واتا، دەستنیشانکردنی چەمك لە رێگای پێوانەی واتا). تەوەرەی دووەم تایبەتە بە پێوانەی چەمکی واتای لاوەکی (مامۆستای زانکۆ) لای قوتابی و ئەم سەردێرانەی خوارەوە

دەگرێتـەوە : چـەمکی واتـای فەرهـەنگی (مامۆسـتای زانکۆ)، پێوانـەی چـەمکی واتای لاوەکی (مامۆستای زانکۆ)، چەمکی واتای لاوەکی (مامۆستای زانکۆ)، لـە کۆتایشـدا ئـەنجام و کورتـەی باسـەکە بـە هـەردوو زمـانی عـەرەبی و ئینگلیـزی خراوەتە روو .

**تەوەرەی یەکەم : تایبە تمەندی و جۆرەکانی چەمك و پێوانەی :**

**١-١- پەیوەندی نێوان زمان و دەروونناسی :**

زمـان پەیوەنـدی بە زۆر زانسـتەوە هەیـە بـە تایبـەتیش دەروونـاسـی بەرادەیـەك (چۆمسـکی) زمـان بـە لقێـك لـە دەروونناسـی دادەنێـت [١]، چـونکە زۆر بـواری دەروونناسـی وەك بیرکردنـەوە و فێربـوون و زانـین و بـیر ...هتـد . پەیوەنـدی راستەوخۆیان بە زمانەوە هەیە، زمان خۆی بۆ دەربرینی بیرە کردەی زمانیش لـە پـێش قسـەکردنەوە بەچـەند کردەیـەکی دەروونـی دا دەڕوات تـا دەبێتـە گـوتن و دەدرکێندرێت دوای قسـەکردنیش ئـەم هێمایانـە دەچێتە مێشـکی وەرگر و بیری لێدەکاتەوە و شییان دەکاتەوە، کەواتە زمانەوان تەنها لەو زنجیرە هێما دەنگیانـە دەکۆڵێتـەوە کـە پێـی دەگوترێـت ئاخـاوتن، بـەڵام ئامـادەکردنی گوتنەکـە و شیکردنەوەی داتاکان کاری دەروون ناسەکانن، چونکە هۆشەکین و پەیوەندی بە بـیر و هـۆش و زانینـەوە هەیـە[٢] ( والـتر فـاتبورگ ) چـوار بـواری بـۆ مـرۆڤ دیـاریکردووە ( فیزیکـی، ئۆرگـانی، دەروونـی، گیـانی ) زمـانیش ئـەم چـوار ڕەهەنـدەی تیـا بەدیـدەکرێت، زمـان لای مـرۆڤ ئامادەباشـیە Aptitude ئـەم ئامادەباشیەش دوو رووی هەیە : ئامادەباشی دەربرین کە توانای تێگەیانـدنی بەرامبـەرە، ئاماشـی دووەمـیش بریتییـە لـە ئامـادە باشـی تێگەیشـتن لـە دەورووبەرەکەی [٣]، دەبینین هەردوو ئامادەباشیەکە پەیوەستن بەلایـەنی دەروونـی ئەمـەش بـووە هـۆی هاتنەکایـەوەی زانسـتێکی تـری زمـان کـە ( زمانـەوانی دەروونییە Psycho linguistics ) ئەم زانستە بەشێکە لـە زمانـەوانی کارەکی ئـەرکی لێکۆڵینەوەیـە لـە وەرگرتنـی زمـان و فێربـوونی زمـانی بیـانی و هۆکـارە دەروونیـەکانی کـە کاردەکەنـە سـەر فێربـوون و کەموکوڕییـەکانی دەربـڕین و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زمان و زمان و کەسایەتی..هتد [٤] کردە دەروونییەکان بە

هەم ئاهەنگی لەگەڵ کردە ئۆرگانییەکان ڕێگا خۆشکەرن بۆ یەکتر تەواوکردنی ئاستەکانی فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس، واتاسازی (٥) ئاشکرایە زمان لە فۆرم و واتا پێکهاتووە ئەگەر زمان پەیوەندی بە دەروونناسیەوە هەبێت ئەوا بێگومان واتا نێوەندە و خاڵی هاوبەشە، چونکە پەیوەندی بە تێگەیشتنەوە هەیە و هێماکان لە ناو بیر و مێشکی مرۆڤدا لێکدەدرێنەوە و شیدەکرێنەوە، ئەمە وای لە هۆشەکییەکان کرد واتا لە سنوری دەروونا سییەوە لێکبدەنەوە و واتا بخەنە چوارچێوەی ڕەفتارەوە بە سوود وەرگرتن لە تاقیکردنەوەکەی (بافلۆف) . جگە لەمەش زۆرجار دەربڕینەکانمان ڕەنگدانەوەی واقع نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی دەروونی تاکە ئەمەش وایکرد جۆرێك لە واتا دەستنیشانبکرێت بەناوی واتای دەروونی، زانایانی دەروونناسی پێیان وایە ئەرکی سەرەکی کۆئەندامی دەماری مرۆڤ بەتایبەتیش مێشك پێدانی واتایە بە هوشیارکەرەوەکانی جیهانی دەرەوە لە لایەکی ترەوە زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش پێیان وایە واتا گرنگترین دیارخەرەکانی رەفتاری مرۆڤە(٦) جا ئەگەر واتا رەفتاربێت بێگومان دەبێت بشپێورێت هەروەك هەندێ لە زمانەوانەکان و دەروونناسەکان ئەنجامیاندا.

**١-٢- چەمك و واتا :**

چەمك تایبەتمەندی و زانیاری دەگرێتەوە، (لاینز) پێیوایە چەمکی (ناو) بریتییە لە کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی دیار کە دەتواندرێت پراکتیزە بکرێت لەسەری (٧). چەمك لێکدانەوەی دەچێتە چوارچێوەی بۆچوونی هۆشەکی و کە پێی وایە واتا بریتیە لەو وێنە هۆشەکیەی کە قسەکەر هەڵیدەگرێت دەربارەی شتێك (٨)، بەم پێیە چەمك بەپێی کەس لە گۆڕاندا دەبێت، چونکە تاکەکان لە نێو خۆیاندا جیاوازن لە بۆچوون و بیرکردنەوە .

ئاشکرایە کە واتا دەبێتە دووبەش :

**١- چەمك** Concept :

بریتییە لەم واتایەی شت لە مێشکی تاکدا هەڵگیراوە و ئەو زانیارییانەش دەگرێتەوە کە دەربارەی دەیزانین چەمك ناوەرۆکی بیر دەگرێتەوە

تایبەتمەندییەکی سایکۆلۆجی هەیە و بەدوای وشەی بەکار هاتوو دێت و پێکدێت لە :

أ- چەمکێکی لۆجیکی جۆری ئاماژە بۆکراوەکە لەخۆدەگرێت لە جۆر و رەگەز و ئەدگار.

ب- سێبەری هەست و سۆز و کەلتوور کە (واتای لاوەکی تاك) دەگرێتەوە .

ج- شێوە و جۆری تەن . بۆ نموونە وشەی شاخ شێوەیەکی دیاری جوگرافی بەدوایەوە دێت کە پێکهاتووە لە بەرد و شێوەی هەرەمی یان چەماوەی هەیە و هێمای نەگۆری و گەورەیی دەدات .

چەمکەکان بوونیان لەناو بیر و هۆشدا هەیە جا ئەگەر شتەکە لە دەرەوە بوونی واقعی هەبێت یان نەبێت و چەند شێوەیەکی هەیە :

أ- شتە هەستپێکراوەکان :

وێنەی تەنە هەستپێکراوەکانی وەك : شاخ، دار ...هتد و ئاوەڵناوەکانی وەك : درێژ، شین...هتد و کارەکانی وەك : هات، خەوت....هتد .

ب- بابەتی میتافیزیکی :

ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە لە رێگای کتێبە ئاینییەکان ناسراوە وەك : جن و فریشتە و شەیتان و... هتد .

ج- شتی نادیار :

ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بوونی نییە وەك دێو و شەوە و عەنقا و بوکی دەریا و ....هتد.

د- بابەتی ئەندێشەیی :

ئەم شتانە دەگرێتەوە کە لە واقیعدا نین، بەڵام وا هەست دەکات هەیە، وەك کەسایەتییەکانی ناو چیرۆك و رۆمان یان وەسفی شاعیران بۆ یارەکانیان .

هـ- بابەتی هۆشەکی:

ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بوونی واقعیان نییە لە دەرەوە، بەڵام چەمکی هۆشەکیمان هەیە لە مێشك بەرامبەریان وەك : راستی، یەکسانی، دڵسۆزی.....هتد.

**و- واتا گشتییەکان :**

**ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوە بوونیان هەیە، بەڵام دیاریکراو و نیشانکراو نین وەك : دار ، گوڵ ، ئەسپ....هتد.**

**٢- ئاماژەبۆکراو:**

**واتای شتە بەرجەستەکان دەگرێتەوە کە لە دەرەوە دایە وەك : دار، بەرد و شاخ، ...هتد. بۆ زیاتر روونکردنەوە، ئەگەر سەیری ئەم وێنەیە بکەین دەبینین واتای (گوڵ) بۆ تەنی (گوڵ) دەگەرێتەوە و چەمکیش وێنەی ئەم (گوڵ) ە و زانیارییەکانمان دەگرێتەوە کە دەربارەی (گوڵ) لە مێشکماندایە .**




**پەیوەندی نێوان چەمك و ئاماژەبۆکراو پەیوەندی یەکسان بوونە بۆنموونە :**

**مرۆڤ ئاژەڵێکی قسەکەرە، ئەمە (چەمك) ە و دەگەرێتەوە بۆ هەر یەك لەم ناوانە : ئومێد، دیدار، سازگار، شیلان....هتد) هەر هەموویان ئاژەڵی قسەکەرن .**

**١-٣- جۆرەکانی چەمك Concept :**

**چەمك بەپێی گشتی و تایبەتی و سنووری دەبێتە دوو جۆر:**

**١- چەمکی گشتی فراوان :**

**ئەو چەمکەیە کە بۆ زۆر کەس و شوێن دەگەرێتەوە زوربەی هەڵگرانی زمان تیایدا هاوبەشن کە چەمکە، کە لۆجیکی و شێوە و سێبەری هەست و سۆز و کەلتوور ...هتد دەگرێتەوە [٩] و دەبێتە دوو بەش :**

**أ- تەواو :**

ئەوەی کە بەتەواوی بەرامبەر چەمکەکە دەوەستێت وەك: دار، مرۆڤ ، زێر،گوڵ ،.....هتد .

ب- گوماناوی :

جاربەجار بەرامبەر چەمکەکە دەوەستێت و جاریش هەیە بەرامبەری ناوەستێت وەك : سپی، ....هتد . (١٠).

٢- چەمکی تایبەتی :

ئەم چەمکە پەیوەستە بە زانیاری و تاقیکردنەوەی تایبەت بە تاکێکی دیاریکراو کەس تیایدا هاوبەش نییە (١١) دەبێتە دوو جۆر :

أ- تایبەتی دروست :

ئامارژە تەنها بۆ شتێکی تایبەت دەکات لە کەس و شوێن....هتد. وەك : هەولێر، سەلاحەدینی ئەیوبی، سۆسێر....هتد .

ب- تایبەتی زیادە :

ئامارژە بۆ وشەیەکی تایبەتی دروست دەکات وەك (ئازاد) لەم سۆنگەیەی کە تایبەتییە و بەڵام پۆلینکردنی لەژێر ناوی مرۆڤ ، کە فراوانترە و وا دەکات ببێتە تایبەتییەکی زیادە و هەندێ جاریش گشتی دەبێت، چونکە دەکەوێتە ناو پۆلینی ئاژەڵ (١٢).

٣- چەمکی توانایی :

پێکهاتووە لە واتا و بۆچوون دەربارەی هێمایەکی زمانی و لە بیردا هەڵگیراوە وەك بەشێك لە سیستەمی زمان، ئەم جۆرە توانایە شاراوەیە و لە دەوروبەری پێویستدا ئامادەدەبێت .

٤- چەمکی واقیعی :

ئەو واتا پەیوەستە دەگرێتەوە کە بە هێمایەکی دیاریکراو دراوە و بارو دۆخ و شوێن و کاتەکەی دیارە بۆ نموونە کە دەڵێی :

- مێوانەکان هاتن ئەوا مەبەست مێوانێکی دیارە (١٣).

**١-٤- دروستبوونی چەمك Concept :**

چەمك ئەو واتايەيە كە واقيعێك دروست دەكات لە بیر جا هەر شتێك واقعێك لە بیر دورست نەكات ئەوا بە چەمك ناژمێردرێت، چەمك بەستانەوەی واقیعە بە زانیاری یان زانیارییە بە واقیع لەسەر بنچینەی ئەو دەستوورەی كە پێی دەپێورێت، جا كەوتبێتە ژێر كاریگەری رەفتار یا نە كەوتبێت، مرۆڤ كە بیروباوەرێك وەردەگرێت دەبێتە واقیعێك لای كە بەرجەستە نییە، بەڵكو لە بیری مرۆڤە، هەروەك دەبینین كە كەسێك دەبێت بە ئیسلام خۆی دادەماڵێت لە هەست و چەند بیروباوەرێكی لا دروست دەبێت وەك : ئافرەت جلێكی شەرعی لەبەر دەكات، دز دەستی دەبردرێت، داوێن پیس بەردەباران دەكرێت تاكو مردن،...هتد، بەڵام لە واقیعدا دەبینێت دزیكەر بەند دەكرێت ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ ئەوەی لە مێشكی دایە، بەڵام بیروباوەڕەكە و چەمكەكەی مێشكی ناگۆڕێت جا بۆ ئەوەی رەفتار تێبگەین دەبێت بە چەمكی بیبەستینەوە.

رەفتار بریتییە لەو كردەوانەی كە مرۆڤ ئەنجامی دەدات بۆ تێركردنی پێداویستییە ئۆرگانی و خۆرسكەكان، ئەم رەفتارەش بەرهەمی چەمكە، بۆیە هەر رەفتارێك لە ئەنجامی چەمكێكەوە دەبێت، بەڵام مەرج نیە هەموو چەمكێك رەفتارێك بەرهەم بێنێت. لە ئەنجامی بەستانەوەی رەفتار بە چەمك ئەوا بیروباوەرێك لای كەسەكە دروست دەبێت، كەواتە بیروباوەر چەمكێكە زۆر بەكارهاتووە لای كەس دەتوانین بڵێین بەرزترین پلەی چەمكە بۆ نموونە: جگەرە كێشان زیانی هەیە بۆ تەندورستی ئەمە چەمكێكە كاتێ دەبینێت یەكێ جگەرە دەكێشێت لێی دوور دەكەوێتەوە، یان لە و شوێنەی جگەرەی لێبكێشرێت دانانیشێت،....هتد زۆر بەكارهێنانی ئەم چەمكە بیروباوەرێك دروست دەكات و گۆڕانی قورسە بۆیە گۆڕانی چەمك ئاسانترە لە گۆڕانی بیروباوەر، چونكە لە ئەنجامی زۆر بەكارهێنان بیروباوەر دروست دەبێت .

چەمك رادەی زانیاری و بیر و بۆچوونی تاكەكان دیاریدەكات هەر ئەم چەمكانەش كاردەكەنە سەر هەڵسوكەتەكانمان. بۆیەش هەڵسوكەوتەكانمان بە باش و بە خراپ رەنگدانەوەی ئەو چەمكانە كە لە مێشكماندایە، بۆ نموونە

قوتابییەك كە بیرو بۆچوونی دەربارەی خوێندن باش نەبێت ئەوا لە خوێندندا سەركەوتوو نابێت .

چەمك لە خۆیەوە دروست نابێت، بەڵكو پەیوەستە بە زانیاری رۆژانە و ماوەیەكی زۆری دەوێت بۆ ئەم مەبەستە پیاجە سێ قۆناغ بۆ دروستبوونی چەمك دەستنیشان دەكات (١٤) :

١- قۆناغی هەستی جولانەوە :

لە كاتی لە دایكبوونەوە دەست پێدەكات، تاكو یەك ساڵی و دوو ساڵی، گەشەی ئەقڵی مرۆڤ لەم قۆناغەدا لە سەرەتادایە، وەك شیرخواردن و شت گرتن و دواتریش پەرەدەسێنێت بۆ سەیركردن و تێبینیكردن و هەڵسوكەوت لەگەڵ دەوروبەر .

٢- قۆناغی بیركردنەوەی هەستی :

ئەم قۆناغە لە دووەم ساڵی تاكو یانزە ساڵی دەگرێتەوە و بازنەی بیری لای شتە هەستپێكراوەكان دەخولێتەوە وەك پۆلینكردن و جیاكردنەوە و كردەی ماتماتیكی وەك : كۆكردنەوە و جاران .... هتد .

٣- قۆناغی بیركردنەوەی رووت :

ئەم قۆناغە لە (١٢) ساڵییەوە دەست پێدەكات لەم قۆناغەدا تاك سنووری بازنەی هەست پێكراوەكان دەبڕێت و بەرەبەرە چەمكە واتاییەكان دەڕوات و هەندێ چەمكی وەك ( هەستكردن بە لێپرسینەوە، ویژدان، هاولاتیبوون، بەخشین،....هتد لا دروست دەبێت . لە دوای قۆناغی هەرزەكاری تاكەكان چەمكێكی زۆریان لا دروستبووە و واتای زۆریش دەخەنە سەر چەمكە كۆنەكان و هەڵەكان راستدەكەنەوە .

تاكەكان پەروەردەی خێزان و قوتابخانە و كۆمەڵن رۆڵی ئەمانەش لە چەمكدا رەنگدەداتەوە . سەرەتا لە خێزان چەمكە سەرەتاییەكان وەردەگرێت لە ئەنجامی كارلێكردنی لەگەڵ دایك و باوك و كەسانی ناوخێزان دا پەیدای دەكات، خێزان كاریگەرییەكی زۆری لەسەر تاك هەیە بۆ ئاراستەكردنی رەفتار و داب و نەریتی زۆر جاریش تاك واز لە زۆر ویست و ئارەزوو و پێداویستی....هتد . دێنێت بۆ

رازیکردنی دایك و باوك و کەسانی لەخۆی گەورەتر و زۆر شت لە خێزان وەردەگرێت وەك رەفتاری دانیشتن و خواردن و لێبووردەیی و رێزگرتنی گەورە و بیروباوەر و ئاین.....هتد.

له تەمەنی(٦) سالّی بەرە و سەرەوە کاتێك تاك لە بازنەی خێزان دەچێتە دەرێ و لە قوتابخانە و کۆمەلّ پەیوەندی لەگەلّ چەند کەسانێکی تر پەیدا دەکات و هەولّ دەدات پەیوەندی بەهێز بکات و ئەگەر هاورێیانیشی لێی دوورە پەرێز بوون ئەوا هەولّدەدات یان خۆیان لەگەلّ بگونجێنی یان لەگەلّ کۆمەلّێکی تری لە خۆی نزیك بازنەیەك دورست بکات، لەوێش هەندێ رەفتار وەردەگرێت شتی زیادە دەخاتە سەر چەمکەکان و ئەگەر نەشچێتە قوتابخانەش ئەوا لە شوێنی کارکردنی تێکەلّی چەند کەسانێك دەبێت و هەولّی خۆگونجاندن دەدات، چونکە دەزانێ سەرکەوتنی لە هاریکاریکردن و رازیبوونی خاوەن کارەکە دایە .

## ١-٥- پۆلینکردنی چەمك :

یەکێك لە ئامانجەکانی سیمانتیك کە (ستۆرك و ویدسن) Widdowsonو Stork ئاماژەی بۆ دەکەن پۆلینکردنی شتەکانە، زمانەوان و ئەنترۆپۆلیجیەکان رۆلّێکی بەرچاویان هەبوو لە پێشخستنی تیۆری بوارە واتاییەکان لە رێگای پۆلینکردنی کەلوپەل و شتەکانی دەوروبەرمان ، چونکە زۆر چەمکی هاوبەش هەیە لە نێوان زمانەکانی مرۆڤ وەك ( زیندوو، مردوو، مرۆڤ و نامرۆڤ ،...هتد. هەر لە رێگای ئەم چەمکانەش دەتوانرێت پۆلینی وشەکانی زمان بکرێت، بەناوبانگترین پۆلین پۆلینی فەرهەنگی Greek new Testament کە چەمکەکان دابەش دەکات بۆ :

١- بوونەوەرەکان Entities

٢-رووداوەکان Events

٣- بەرجەستەکان Abstracts

٤- پەیوەندییەکان Relations

هەریەك لەمانەش چەند چەمکێکی تر دادەپۆشێت و کێلّگەیەك دروست دەکات .[١٥]

## ١-٦- پێوانەی واتا The mercurial of meaning:

پرۆسـەی پێوانـە (measurement) جێگـای بایەخـە لـە لێکۆڵینـەوەی زانسـتی و بەکاردێت بۆ زانینی رادە و پلە و چۆنیەتی کاریگەری هەندێ دیاریدە لـە هـەموو بوارێـك [١٦] پێوانـەی واتـا هۆیەکـە بـۆ پێوانـەی دەروونـی تاکەکـەس، هەربۆیـە زمانـەوانان و زانایـانی دەروونناسـی چـەند پێـــــــوانەیەکیان بـۆ واتـا دانـاوە لەمانەش :

١-٦-١- پێوانەی جیاکەرەوەی سیمانتیکی :

ئـەم جـۆرە پێوانەیـە لـە رێگـای جیاکـەرەوەی سـیمانتیکی Semantic differential ئەنجام دەدرێت، (ئۆزگۆد و سوسی و تانبیوم) لە ساڵی (١٩٥٧) پێوانەیەکیان بۆ واتـای ویـژدانی و کاردانـەوەی هەڵچـوونەکان دانـا ناویـان نـا (جیاکـەرەوەی سـیمانتیکی) بـۆ مەبەسـتی پێوانـەی واتـایی لای تاکـە جیاوازەکـان لـە رێگـای تاقیکردنـەوە بـە پێنـووس و کاغـەز و (ئامـانج) ەکـان [١٧] داوای وشـەیەکیان لێـدەکرێت لـە نێـوان دوو وشـەی دژ بەیـەك کـە هەریەکـەیان جەمسـەرێك دەگـرن Bipolar لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی واتا بە رێگایەکی دیکە جیا لـە جۆرەکـانی تر، تا واتای وشە فراوانتر بێت و بواری ئەوەی هەبێت واتای دیکە لە خۆ بگـرێ، ئـەویش لـە کتێبەکەیـدا ( پێوانـەی واتـا The mercurial of meaning) بنچـینەی شیکردنەوەی واتایان لە حەوت پلە رێك خست، چونکە ئەو پێی وابوو ( پێـوەری سیمانتیکی بریتییـە لـە دوو سیمای دژی بەرامبـەر لـە شێوەی پلـەداری دابـەش بوو بۆ حەوت پلە ) وەك :

(هێواش ٣ ٢ ١ ٠ ١ ٢ ٣ خێرا)

ئـەوەی جێگـای سـەرنجە ئەوەیە،کـە لـەم وێنەیـە دەبیـنین (٧) پلـە لـەنێوان هەردوو ئاوەڵناوەکەدا هەیە کە ناسراوە بە بواری سیمانتیکی Semantic space ئەم (٧) ناوچـە بەتاڵـە هەنـدێ ئـارەزوو و ئاراسـتەی نـەزانراو دەگرێتـە خـۆی کـە دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە پری بکەینەوە :

(هێـواش_کـەمتر هێـواش_زۆرکـەمتر هێـواش_{نـەهێواش و نـەخێرا}_زۆر کـەمتر خێـرا_کـەمتر خێـرا_خێـرا).

دەبینین لەو حەوت پلەیەدا جیاکەرەوەی سیمانتیکی دەبینـرێ، بـەو واتایـەی لـە

نێوان هەر یەك لەم پلانە كەلێنێك هەیە بۆ دەرخستنی شوێنی چەمكەكە لەناو بۆشاییەكە، بۆ نموونە :

دڵخۆش _:_:_:_*:_:_: نیگەران

هێمای (*) دانانی پێوەرێكی دیاری كراوە بۆ چەمكێكی دیاریكراو لە ڕێگای هەڵبژاردن دەبێت لە هەردوو جەمسەرەكەو نێوانەكانیەوە بە شێوەی پلە پلە كراو بێت. دانانی ئەم پێوەرانەش لە ڕێگای (٣) هۆكار دەبێت (١٨):

١- هۆكاری هەڵسەنگاندن Evaluative Factor:

ئەگەر چەمكەكە پەیوەندییەكی پتەوی بە یەك لە كۆتایی و دوو جەمسەرەكە هەبوو، ئەوا نیشانەكە بەم شێوەیە دەنووسرێ :

باش _* _ _ _ _ _ _ خراپ.

٢- هۆكاری چالاكی Activity Factor :

ئەگەر چەمكەكە پەیوەندییەكی كەمتر پتەوی بەیەك لە دوو جەمسەرەكە هەبوو، ئەوا نیشانەكە بەم شێوەیە دەبێت : ئازا _ _ _ _ _ _* _ ترسنۆك .

٣- هۆكاری تواناییPotency Factor:

ئەگەر چەمكەكە تا ڕادەیەك پەیوەندی مابوو بە هەردوو جەمسەرەكە، بەڵام هێشتا بێ لایەنی خۆی لە دەست نەدابوو ،ئەوا بەم شێوەیە دەبێت :

چالاك _ _ _ _* _ _ سست.

ئەگەر سەرنج درا چەمكەكە تەواو بێ لایەن بوو لە نێوان بۆشاییەكانی هەردوو جەمسەرەكە یاخود چەمكەكە هیچ پەیوەندییەكی بە جەمسەرەكانەوە نەبوو، ئەوا پێوەرەكە ( نیشانەكە) لێرەدا دەكەوێتە ناوەڕاستی هەردوولا:

گەشبین _ _ _ _* _ _ _ ڕەشبین.

ئەم جۆرە واتایەی كە لە شوێنە بەتاڵەكان دادەنرێت، واتایەكی دەروونییە جیاوازی و بۆچوونی تاكەكان دەخاتە ڕوو كە هەستی پێدەكات (١٩) پێوانەی (ئۆزگۆد) ڕێگای خۆشكرد بۆ توێژەران پێوانەی واتا دەروونییەكانی تاكەكان بكەن لە بوارە جیاجیاكانی ڕەفتاری وەك ( ئاراستەكان و گەیاندنی

پێوەنـدی و زمانـەوانی و جوانکـاری و راگەیانـدن و کەسـایەتی و چارەسـەری نەخۆشی .....هتد) [٢٠].

**١-٦-٢- پێوانەی پلیکانەیی وشە دژەکان :**

ئەمەش بە دانانی پێوەرێکی پلیکانـەیی بۆدیـاریکردنی پلـەی ئـەو وشـانەی کـە دەکەوێتە نێوان دوو وشە دژەکەی دژواتای پلەدار و بە پێی ئـەم پێوەرەش وشـە دژواتاکان دابەشدەکرێت . بۆ نموونە : وشەی (گـەرم) ئایـا دژواتاکـەی (سـارد) ە یـان (فێنـك) ە .بـــــــــەم جـۆرە وشـەکان لـە پێوانەیـەکی پلیکانـەیی وشـەکان ڕێزدەکرێت .

**١-٦-٣- پێوانەی کاردانەوە فسیۆلۆجییەکان** Physiological Methods:

ئەم جۆرە پێوانەیە پشـت بـە چالاکی ماسـولکەیی دەبەستێت، چونکە بڕوایـان وایـە پەیوەندییـەکی ڕاسـتەخۆ لـە نێـوان بیرکردنـەوە و هەسـتیارەکانی ماسـولکە هەیـە، لەوانـەش (واتسـۆن و پرسـۆن) پێیـان وایـە بیرکردنـەوە قسـەکردنێکی ناوەوەیە [٢١] ئەم پێوانەیە لە ڕێگای هۆشارکەرەوە و وەلامدانەوە ئەنجام دەدرێت . (بلـۆم فێلـد) یەکـەم کـەس بـوو ئـەم بۆچـوونەی ڕەفتارکارەکـانی بەسـەر زمانـدا پیادەکرد لە کتێبەکەی بەناوی (زمان Language) کە ساڵی ١٩٣٣ بڵاوکرایـەوە [٢٢] (ماکس Max و جاکۆبسن Jacobson) توانیان بـە شـێوەیەکی روون تۆمـارە ئـەرکی ماسولکەکانی مرۆڤ بپێون لەکاتی بیرکردنەوەدا، بۆیـان دەرکـەوت پەیوەندییـەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان هەنـدێ جۆری بیرکردنـەوە و جولانـەوەی ماسـولکە [٢٣]. هەروەك لای کەڕولاڵەکان تێبینی کراوە کـە ئـەرکی ماسـولکەیی زیـاتر بـەکاردێنن لە کەسانی ئاسایی، هەروەها پەیوەندی هەیە لە نێوان لیکە گلاندەکان و واتا، بۆ نموونە کە گوێمان لە وشەی (هەنار) یان چاومان پێدەکەوێت دەبینین دەممان پڕ ئاو دەبێت (ماسۆن Mason وبینجهام Bingham) پشـتیوانیان لـەم بۆچـوونە کـرد و پێیان وابوو واتـا لای تاکـەکان هـەڵگری هەنـدێ لایـەنی سـۆزداری و هەڵچـوونە و دەتوانـدرێت لـە ڕێگـای هەنـدێ هۆشـیارکەرەوە و وەلامدانـەوە پلـەی هەڵچـوون و سۆزمان بۆ دەردەکەوێت [٢٤].

**١-٦-٤- پێوانەی واتای کار و ڕووداوکان :**

**پێوانەی هەندێ دیاردەی رەفتاری وەك (پێکەنین و قسەکردن و خوێندنەوە و نووسین و..هتد) وە هەندێ خەسڵەتی وەك ( زیرەکی و درێژی ..هتد) کە بەپێی گونجانیان لەگەڵ بەشەکانی تری ڕستەدا ڕێك دەخرێن [٢٥] بۆ نموونە کاری (خوێندن) چ جۆرە بکەرێك هەڵدەبژێرێت، ئایا (+زیندوو) یان (+زیرەکی)، چونکە لای زوربەی رۆژئاواییەکان (سەگ و پشیلە و مەیموون) لە خانەی مرۆڤدان ئەگەر ئەم هێلکارییەی خوارەوە پلە زیرەکی زیندووەکان نیشان بدات**




**بۆ پێوانەی پەیوەندی و بەیەکەوە هاتنی مەیموون لەگەڵ کارەکانی ( پێکەنین، قسەکردن، خوێندنەوە، نووسین ) جا ئەگەر زیرەکییەکەی مەیمون (١٦) پلە بێت و پێداویستی فرمانەکانیش بەم شێوەبن :**
**پێکەنین ( لە ١٣ تا ١٥ ) قسەکردن ( لە ١٦ تا١٨) خوێندنەوە ( لە ١٦تا ١٩) نووسین ( لە ١٧ تا ٢٠) ئەوا مەیموون دەتوانێ لەگەڵ ( پێکەنین و قسەکردن و خوێندنەوە بێت )، بەڵام ناتوانێ لەگەڵ نووسین بێت .**

**١-٦-٥- پێوانەکردن بە بەستانەوەی ئازاد :**

**ئەم جۆرە دەچێتە خانەی قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی، بەستانەوەی ئازاد** (Free Association) **بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی دەروونی تاك و ئەو پاڵنەرانەی کە ئاراستەی دەکەن، ئەم جۆرە پێوانەیە سوود لە سێبەرە**

واتاییەکانی وشە وەردەگرێت بۆ گەیشتن بە ناخی قسەکەر (٢٦)، لەم پێوانەیە داوا لە کەسی پێوانەکراو دەکرێت یەکەم وشە بدرکێنێت کاتێک گوێی لە وروژێنەرێکی وشەیی دەبێت، بۆ نموونە وشەیەکی وەك: (گریان) دێنین و لە چەندەها کەس دەپرسین یەکەم وشە چییە دێتە بیریان دوای ئەم وشەیە، بێگومان وا رەچاودەکرێت کەسەکان وەڵامەکانیان بەم شێوەبێت : منالْ، ژن، فرمێسك، خۆشی، غەم، ...هتد . کە هۆکار و ئەنجامدەر و ئەنجام و پێچەوانە دەخەنەڕوو(٢٧)، لە ڕێگای ئەم راکێشکردنە کەسی بەرامبەر زمانی دەخلیسکێت و رووی راستەقینەی خۆی و نهێنییە شاراوەکانی ناخی دەردەکەوێت .

زۆر جار پێوانەکردن لە ڕێگای (پرسیار و وەڵام) دەبێت، کە لە شێوەی (جووتە گوتن) (Adjacencypairs) ئاراستەی کەسەکان دەکرێت بۆ تاقیکردنەوە و واتاکەشیان لە دیدی سیمانتیك و پراگماتیك لێکدەدرێتەوە، چونکە هەردوو جۆرە هێماکە (زمانی و نازمانی) شیدەکرێتەوە هەربۆیەش واتا رۆڵێکی کاریگەر دەگێرێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامی دروستی تاقیکردنەوەکان، بەلأم ئەگەر پێوانە و تاقیکردنەوەکەمان لە ڕێگای (چاوپێکەوتن) بێت کە پزیشکە دەروونییەکان زیاتر بەکاریدێنن بۆ تێگەیشتن لە باری کەسەکە و وردبوونەوە لە کەسایەتی، ئەوا پراگماتیك رۆڵی خۆی زیاتر دەبینێت، چونکە لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە هەموو هەڵسوکەوتێك مایەی تێبینییە جا بە زمانی گوتن بێت یان بە زمانی جەستە بێت، چونکە هەڵگری واتا و پەیامێکە بۆ توێژەر، بۆیە لەم تاقیکردنەوانەش جگە لە پێوانەی (ئۆزگۆد) پێوانەکانی تریشی تیا بەکاردێت بە تایبەتیش پێوانەی کاردانەوە فسیۆلۆجییەکان بۆ نموونەکاتێ پرسیارێکی وەك :

– تۆ باوەرت وایە هەموو خەڵك باشن و جێگای باوەڕن ؟

دەبین لەم پرسیارە جگە لە وەڵامەکەی کە واتایەکی سیمانتیکیە و بە روونی هەستی پێدەکرێت ئەوا واتای تریش وەردەگرین کە واتایەکی پراگماتیکیە و لە دەوروبەرە دەروونییەکە وەریدەگرین وەك : گوێمان لە دەنگی کەسەکە و جولانەوە بەویست و بێویستەکان و هەڵسوکەوتەکانی دەبین کە ئەویش مایەی

تێبینی وەرگرتنی واتایە، جا ئەگەر بینیمان کەسەکە ئەم گۆڕانە جەستەییانەی بەسەردا هات: ( بیلبیلەی چاوی زۆر کرایەوە .هەڵەی زۆری کرد، دەمی وشك بوو، چاوو لووتی دەخوراند، کۆکەی دەستکردی دەهێنا خۆی، نینۆکی بەدەم دەقرتاند، چاوی دەتروکان زۆر وەڵامەکەی کورت بوو، دەنگی بەرزبوو، عەرەقی دەکرد، زۆر دەستی لە بەرامبەرەکەی دەدا، زۆر سەیری نەدەکرد، لە قسەکردن دەوەستا ماوە ماوە، هەڵەی زۆر بوو...هتد ). ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەم کەسە وتەکانی راست نییە و فێلبازە [٢٨] هەر لەگەڵ رێگای چاوپێکەوتن دەتوانین رێگای بەدواداهاتنی ئازادیش ئەنجام بدەین بۆ کردنەوەی گرێ دەروونییەکان .

جاوەك بینیمان ئێمە لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە سوودمان لە دەربڕینە زمانییەکان و نازمانییەکان وەرگرتووە بۆ پێوانەی باری دەروونی و خوێندنەوەی بیری کەسەکان کە و بۆمان دەرکەوت ئەم تاقیکردنەوانە لە رێگای زمان و پێوانەی واتا بووە، ئەگینا ئەستەم دەبوو بێ واتا توێژەران بگەنە ئەنجامێکی وا، چونکە دەربڕینە زمانی و نازمانییەکان واتادارن و لێکدانەوەشیان ئەرکی پراگماتیکە و بەشێکی کەمیشی دەچێتە بواری سیمانتیك، چونکە پێشتر باسمانکرد دەربرینە زمانییەکان ٧٪ دەربڕین پێکدێنن و نازمانییەکانیش ٩٣٪ کە لە دەوروبەرە دەروونییەکەوە هەڵدەهێنجرێ .

**١-٧- دەستنیشانکردنی چەمك لە رێگای پێوانەی واتا :**

پێوانەی پلیکانەیی جیاکەرەوە سیمانتیکییەکان یەکێکە لەو پێوانانەی کە بۆ پێوانی چەمکی واتا بەکاردێت، (کیلی) پێیوایە رەفتاری مرۆڤ رەفتارێکی (بۆچوونە) زیاتر لەوەی (کاردانەوە) بێت، واتە ئێمە بەپیر هۆشیارکەرەوە نایەین، بەڵکو بەپیر لێکدانەوەکە دەچین، کە بۆ هۆشیارکەرەکە دامانناوە [٢٩] بۆ نموونە ئەگەر کەسێك لە ئەنجامی هەڵکەندنی زەوی پارچە کانزایەکی دۆزییەوە ئەوا سەرەتا وای بۆ دەچێت شتێکە، دوای وای لێکدەداتەوە پارچە کانزایەکە یان پارچە پارەیەکی رۆمانییە یان پارچەیەکی بە نرخی سەردەمی قوستەنتینی گەورەیە، واتە پێش ئەوەی بزانێ چی لێبکات ئەوا بیردەکاتەوە شتەکە چییە، جا لێکدانەوەکەی دەوەستێتە سەر ئەو چەمك و زانیارییە تایبەتیانەی کە

هەیەتی هەرچەندە لە رووکەشدا لێکچوونێك لە هەستکردن بە هوشیارکەرەوەکە هەیە لە نێوان و خۆی و کەسانی تر .

ئەگەر بێت و تاقیکردنەوەکان لە رێگای راپۆرتی خودییەوە بێت ئەوا (پێوانەی جیاکەرەوە سیمانتیکییەکان) دەتوانێت یارمەتی توێژەر بدات بۆ پێوانەی باری دەروونی تاك و لە رێگای هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی یەکێ لەم سیمایانە بە دانانی نیشانەی (*) لە شوێنی بواری سیمانتیکی (Semantic space)، کە لەگەڵ رەنگدانەوەی خودی کەسەکە دەگونجێت. کە لە شێوەی وشەدایە، بۆ نموونە بۆ دەستنیشانکردن و بڕیاردان لەسەر پێوانەی چەمکی واتای لاوەکی (باوك) دەتوانێت لەو حەوت پلەیە یەکێ هەڵبژێرێت کە رەنگدانەوە و تێروانین و بۆچوونی بەرامبەر بە (باوك) دەردەخات وەك :

| وشەی + | تا ئەپەری | تارادەیەکی زۆر | تارادەیەکی کەم | نە ئەمەیان نەئەوبتر | تارادەیەکی کەم | تارادەیەکی زۆر | تا ئەوپەری | وشەی – |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دڵخۆش | | | | | | | | نیگەران |
| باش | | | | | | | | خراپ |
| ئازا | | | | | | | | ترسنۆك |
| چالاك | | | | | | | | سست |
| گەشبین | | | | | | | | رەشبین |
| جێگیر | | | | | | | | گۆراو |
| گران | | | | | | | | سووك |
| ئاسایی | | | | | | | | داهێنەر |

جا وەك بینیمان وەلامەکان دووجەمسەرەکە و پلەکانی نێوانیان دەگرێتەوە، کە بەپێی پێوانەی واتایی (ئۆزگـۆد) پێوراوە، هەموو وەلامەکانی تاقیکردنەوەکانی دەروناسیش بەتایبەتیش وشە دژەکان و پلەکانی نێوانیان دەگرێتەوە، دەستنیشان کردنی پلەیەك لەم پلانە رەنگدانەوەی دەروونی خودی کەسەکەیە و دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت بۆ دەستنیشانکردنی کەسایەتی یان دەرخستنی واتای لاوەکی ئەو کەسەی کە دەمانەوێت دەستنیشانی بکەین .
لێرەشدا گرنگی رۆڵی پێوانەی واتا دەردەکەوێت، بۆ نموونە : ( رزگار ) یەکێکە لەو کەسانەی کە دەمانەوێت تاقیکردنەوەی خۆی لەگەڵ باوکی دا بپێوین، تا

**چەمکی واتای لاوەکی باوك لای ( رزگار ) بزانین، دەبێت پرسیارێك بکەین کە بریتییە : چۆن دەڕوانیتە باوك ؟**

**ئاشکرایە چەمگی گشتی واتای هۆشەکی باوك بیریتیە لە :**




**بەلاّم جگە لەم واتایە واتای تریشی هەیە بۆ نموونە لای (رزگار) بریتییە لە:**




**کە واتایەکی خودییە و مەرج نییە لای کەسێکی تر وابێت، چونکە واتای لاوەکی واتایەکی تاکە کەسییە و بەندە بە بۆچوون و تاقیکردنەوەی کەسەکە نەك بۆچوونی گشتی کە واتایەکی سیمانتیکی دەروونییە. بەم شێوەیە بۆچوون و دیدی کەسەکەمان بۆ دەردەکەوێت .**

**تەوەرەی دووەم : پێوانەی چەمکی واتای لاوەکی مامۆستای زانکۆ لای قوتابییان**

**٢-١ – چەمکی واتای فەرهەنگی مامۆستای زانکۆ :**

**هەروەك پێشتر باسمانکرد چەمك دووجۆرە گشتی و تایبەتی، چەمکە گشتییەکان واتای فەرهەنگی** lexical meaning **دەگەیەنن لەگەلّ ئەو واتا**

لاوەکیەی کە لەناو کۆمەڵ پەیدای دەکات، وشەی مامۆستاش واتاکەی ئاشکرایە کە لەم سیمایانەی خوارەوە پێکهاتووە :

+ مرۆڤ
+ هەراش
+/- نێر　　مامۆستا
+ زانین

ئەمە چەمکە گشتییەکەیە کە لای هەموو کەس هەیە دەربارەی (مامۆستا) و چەمکێکی نەگۆڕە و پشتی پێدەبەسترێت لە فەرهەنگدا



مامۆستا

## ٢-٢- پێوانەی چەمکی واتای لاوەکی مامۆستای زانکۆ :

واتای لاوەکی Connotative meaning واتایەکی زیادەیە لە هەست و سۆز و بۆچوون و تێڕوانین، کە تاك و کۆمەڵ دەیخاتەسەری، واتایەکی بارکراوە لەسەر واتا بنچینەییەکە (٣٠) واتای لاوەکی پەیوەستە بە تاقیکردنەوە و دووبارەبوونەوە، کە بە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ کاریگەری دەکاتە سەر تاك، بۆ نموونە ئەو قوتابییەی کە لە وانەی مامۆستایەك کەوتبێت ئەوا ئەزموونێکی نێگەتیڤی لەگەڵ مامۆستا و بابەتەکە دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ئەو قوتابییەی کە نمرەیەکی باشی وەرگرتبێت لە وانەی ئەو مامۆستایە ئەوا ئەزموونێکی پۆزەتیڤی لەگەڵ مامۆستاکەدا دەبێت، جا بۆ ئەوەی رادەی هەست و هەڵوێستی قوتابییانی زانکۆ بزانین کە تاکی قوتابی چ زیادەیەکی خستۆتە سەر چەمکی ( مامۆستای زانکۆ ) ئەمەش لە رێگای جیاکەرەوە سیمانتیکییەکان دەبێت کە نێوان وشە دژەکان پڕدەکەنەوە، ئەم سیما جیاکەرەوە سیمانتیکیانە رۆڵی واتای لاوەکی تاك دەبینن

بۆ پێوانەکردنی واتای لاوەکی تاك پێویستیمان بە چەند وشەیەکی (ووتەدژە)، کە لەگەڵ سروشتی پێوانەی وشەکە بگونجێت، بۆ نموونە ئێمە ئەم جووتەدژانەمان هەڵبژاردووە بۆ پێوانەی (مامۆستای زانکۆ): ( دڵسۆز، باش، هەڵوێستدار، چالاك، گەشبین، جێگیر، گران، داهێنەر، پۆشتە، کراوە، دەوڵەمەند، بە ویژدان، رۆشنبیر،چاوتێر، زیرەك، هاندەر، بە بەزەیی ) کە بە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دا بە پلەی جیاواز لە مامۆستای زانکۆدا هەن )

**٢-٢- پێوانەی چەمکی واتای  لاوەکی مامۆستای زانکۆ :**

واتای لاوەکی Connotative meaning واتایەکی زیادەیە لە هەست و سۆز و بۆچوون و تێڕوانین، کە تاك و کۆمەڵ دەیخاتەسەری، واتایەکی بارکراوە لەسەر واتا بنچینەییەکە [٣٠] واتای لاوەکی پەیوەستە بە تاقیکردنەوە و دووبارەبوونەوە، کە بە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ کاریگەری دەکاتە سەر تاك، بۆ نموونە ئەو قوتابییەی کە لە وانەی مامۆستایەك کەوتبێت ئەوا ئەزموونێکی نێگەتیڤی لەگەڵ مامۆستا و بابەتەکە دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ئەو قوتابییەی کە نمرەیەکی باشی وەرگرتبێت لە وانەی ئەو مامۆستایە ئەوا ئەزموونێکی پۆزەتیڤی لەگەڵ مامۆستاکەدا دەبێت، جا بۆ ئەوەی رادەی هەست و هەڵوێستی قوتابییانی زانکۆ بزانین کە تاکی قوتابی چ زیادەیەکی خستۆتە سەر چەمکی ( مامۆستای زانکۆ ) ئەمەش لە رێگای جیاکەرەوە سیمانتیکییەکان دەبێت کە نێوان وشە دژەکان پڕدەکەنەوە، ئەم سیما جیاکەرەوە سیمانتیکیانە رۆڵی واتای لاوەکی تاك دەبینن

بۆ پێوانەکردنی واتای لاوەکی تاك پێویستیمان بە چەند وشەیەکی (جووتەدژە)، کە لەگەڵ سروشتی پێوانەی وشەکە بگونجێت، بۆ نموونە ئێمە ئەم جووتەدژانەمان هەڵبژاردووە بۆ پێوانەی (مامۆستای زانکۆ): ( دڵسۆز، باش، هەڵوێستدار، چالاك، گەشبین، جێگیر، گران، داهێنەر، پۆشتە، کراوە، دەوڵەمەند، بە ویژدان، رۆشنبیر،چاوتێر، زیرەك، هاندەر، بە بەزەیی ) کە بە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دا بە پلەی جیاواز لە مامۆستای زانکۆدا هەن )

**٢-٣- چەمکی واتای لاوەکی مامۆستای زانکۆ :**

**بێگومان قوتابی بۆ ماوەی چوارساڵ لە زانکۆ دەمێننەوە، لەم ماوەیەدا تێبینی زۆر شت لە دەکەن لە مامۆستاکانیان وئەزموونی جۆراوجۆریان لەگەڵ مامۆستادا هەیە ، ئەم تێبینی و ئەزموونانە وەك واتایەکی لاوەکی دەخەنە سەر (مامۆستای زانکۆ)، بۆ پێوانەی ئەم (واتای لاوەکی) یانە بە پێویستم زانی پێوانەی چەمکی (واتای لاوەکی) لای قوتابییانی قۆناغی چوارەمی بەشی زمانی کوردی کۆلیژی زمانی/ زانکۆی سەلاحەدین ئەنجام بدەم . هەڵبژاردنی ئەم قۆناغەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم قۆناغە ماوەی چوارساڵ لەگەڵ مامۆستاکانیان ماونەتەوە و شارەزای زۆریان دەربارەی بیر و بۆچوون و هەڵوێستی مامۆستاکانیانەوە هەیە، بە پێی ئەم فۆرمەی خوارەوە ئەنجام بدەم لە**

| وشەی + | تا ئەوپەری | تارادەیەکی زۆر | تارادەیەکی کەم | نەئەمەیان نەئەویتر | تارادەیەکی کەم | تارادەیەکی زۆر | تا ئەوپەری | وشەی − |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دڵسۆز | ٣ | ١١ | ١٦ | ٢ | ١ | ٠ | ٠ | نادلسۆز |
| باش | ٤ | ١١ | ١٣ | ٣ | ١ | ١ | ٠ | خراپ |
| هەڵوێستدار | ٠ | ١٢ | ٨ | ٥ | ٦ | ١ | ١ | بێهەڵوێست |
| چالاك | ٤ | ١١ | ١٠ | ٣ | ٤ | ١ | ٠ | سست |
| گەشبین | ١ | ١٠ | ١٤ | ٣ | ٤ | ١ | ٠ | رەشبین |
| جێگیر | ٢ | ١١ | ١٠ | ٥ | ٣ | ١ | ١ | گۆڕاو |
| گران | ٧ | ٩ | ٨ | ٥ | ٢ | ١ | ١ | سووك |
| داهێنەر | ١ | ٦ | ١١ | ٧ | ٤ | ٢ | ٢ | ئاسایی |
| پۆشتە | ٣ | ١١ | ٧ | ٤ | ٦ | ١ | ١ | جل شر |
| کراوە | ٤ | ١٣ | ٦ | ٢ | ٥ | ٢ | ١ | داخراو |
| دەوڵەمەند | ٦ | ١٥ | ٥ | ٦ | ١ | ٠ | ٠ | هەژار |
| دادپەروەر | ٢ | ٦ | ١٢ | ٣ | ٢ | ٢ | ٦ | نادادپەروەر |
| رۆشنبیر | ٢ | ١٠ | ١٠ | ٧ | ٢ | ٠ | ٢ | ناڕۆشنبیر |
| چاوتێر | ١ | ٨ | ١٢ | ٥ | ١ | ٢ | ٤ | چاوبرسی |
| زیرەك | ٠ | ٧ | ٩ | ٧ | ٥ | ٣ | ٢ | تەمبەڵ |
| هاندەر | ١ | ٩ | ٦ | ٨ | ٢ | ٥ | ٢ | شکێنەرەوە |
| بەبەزەیی | ٦ | ٥ | ١٢ | ٤ | ٠ | ٣ | ٣ | بێ بەزەیی |

**نێو (٣٣) قوتابی و ئەنجامی پێوانەکردنەکەم بەم شێوەیە دەرچوو :**

**ب- ڕێژەی باشی :**

**هەر وەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (٢٨) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر ( باش ) ی یان دەستنیشانكردووە بەمەش ڕێژەی (باش) ی دەبێتە ( ٨٤.٨٤٨٪ ) .**

| باش و خراپ | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| تا ئەوپەری باش | ٤ | ١٢.١٢١٪ |
| تا ڕادەیەكی زۆر باش | ١١ | ٣٣.٣٣٣٪ |
| تارادەیەكی كەم باش | ١٣ | ٣٩.٣٩٣٪ |
| نەباش نە خراپ | ٣ | ٩.٠٩٠٪ |
| تارادەیەكی كەم خراپ | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| تارادەیەكی زۆرخراپ | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| تا ئەوپەڕی خراپ | ٠ | - |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

**ج- ڕێژەی بەهەڵوێستی :**

**هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (٢٠) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر ( بەهەڵوێست ) ی یان دەستنیشانكردووە بەمەش ڕێژەی (بە هەڵوێست) ی دەبێتە ( ٦٠.٦٠٦٪ ) .**

| هەڵوێستدار و بێهەڵوێست | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| تا ئەوپەری هەڵوێستدار | ٠ | - |
| تا ڕادەیەكی زۆر هەڵوێستدار | ١٢ | ٣٦.٣٦٣٪ |
| تارادەیەكی كەم هەڵوێستدار | ٨ | ٢٤.٢٤٢٪ |
| نە هەڵوێستدار و نە بێ هەڵوێست | ٥ | ١٥.١٥١٪ |
| تارادەیەكی كەم بێ هەڵوێست | ٦ | ١٨.١٨١٪ |
| تارادەیەكی زۆر بێ هەڵوێست | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| تا ئەوپەڕی بێ هەڵوێست | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

**د- ڕێژەی چالاكی :**

**هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (٢٥) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر (چالاكی) ی یان دەستنیشانكردووە بەمەش ڕێژەی (چالاكی) ی دەبێتە ( ٧٥.٧٥٧٪ )**

| چالاك و سست | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| تا ئەوپەری چالاك | ٤ | ١٢.١٢١٪ |

| | | |
|---|---|---|
| تا ڕادەیەکی زۆر چالاك | ١١ | ٪٣٣.٣٣٣ |
| تارادەیەکی کەم چالاك | ١٠ | ٪٣٠.٣٠٣ |
| نە چالاك و نە سست | ٣ | ٪٩.٠٩٠ |
| تارادەیەکی کەم نا چالاك | ٤ | ٪١٢.١٢١ |
| تارادەیەکی زۆر نا چالاك | ١ | ٪٣.٠٣٠ |
| تا ئەوپەڕی نا چالاك | ٠ | - |
| سەرجەم | ٣٣ | ٪١٠٠ |

**هـ- ڕێژەی گەشبینی :**

**هـەروەك لـەم خشـتەیەی خـوارەوە دیـارە (٢٥) قوتـابی بـە پلـەی جۆراوجـۆر (گەشـبین) ی یـان دەستنیشـانکردووە بەمـەش ڕێـژەی (گەشـبین) ی دەبێتـە ( ٪٧٥.٧٥٧ )**

| گەشبین و ڕەشبین | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| تا ئەوپەڕی گەشبین | ١ | ٪٣.٠٣٠ |
| تا ڕادەیەکی زۆر گەشبین | ١٠ | ٪٣٠.٣٠٣ |
| تارادەیەکی کەم گەشبین | ١٤ | ٤٢.٤٢٤ |
| نە گەشبین و نە ڕەشبین | ٣ | ٪٩.٠٩٠ |
| تارادەیەکی کەم نا گەشبین | ٤ | ٪١٢.١٢١ |
| تارادەیەکی زۆر نا گەشبین | ١ | ٪٣.٠٣٠ |
| تا ئەوپەڕی نا گەشبین | ٠ | - |
| سەرجەم | ٣٣ | ٪١٠٠ |

**و- ڕێژەی جێگیری :**

**هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (٢٣) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر (جێگیر) ی یان دەستنیشانکردووە بەمەش ڕێژەی (جێگیر) ی دەبێتە ( ٪٦٩.٦٩٦ )**

| جێگیر و گۆڕاو | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| تا ئەوپەڕی جێگیر | ٢ | ٪٦.٠٦٠ |
| تا ڕادەیەکی زۆر جێگیر | ١١ | ٪٣٣.٣٣٣ |
| تارادەیەکی کەم جێگیر | ١٠ | ٪٣٠.٣٠٣ |
| نە جێگیر و نە گۆڕاو | ٥ | ٪١٥.١٥١ |
| تارادەیەکی کەم نا جێگیر | ٣ | ٪٩.٠٩٠ |
| تارادەیەکی زۆر نا جێگیر | ١ | ٪٣.٠٣٠ |
| تا ئەوپەڕی نا جێگیر | ١ | ٪٣.٠٣٠ |
| سەرجەم | ٣٣ | ٪١٠٠ |

ز- رێژەی گرانی :

هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (٢٤) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر (گران) ی یان دەستنیشانكردووە بەمەش رێژەی (گران) ی دەبێتە ( ٧٢.٧٢٧٪ )

| گران و سووك | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| تا ئەوپەری گران | ٧ | ٢١.٢١٢٪ |
| تا رادەیەكی زۆر گران | ٩ | ٢٧.٢٧٢٪ |
| تارادەیەكی كەم گران | ٨ | ٢٤.٢٤٢٪ |
| نە گران و نە سووك | ٥ | ١٥.١٥١٪ |
| تارادەیەكی كەم نا گران | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| تارادەیەكی زۆر نا گران | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| تا ئەوپەڕی نا گران | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

ح- رێژەی داهێنان :

هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (١٨) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر ( داهێنەر ) ی یان دەستنیشانكردووە بەمەش رێژەی ( داهێنەر) ی دەبێتە ( ٥٤.٥٤٥٪ )

| داهێنەر و ئاسایی | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| تا ئەوپەری داهێنەر | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| تا رادەیەكی زۆر داهێنەر | ٦ | ١٨.١٨١٪ |
| تارادەیەكی كەم داهێنەر | ١١ | ٣٣.٣٣٣٪ |
| نە داهێنەر و نە ئاسایی | ٧ | ٢١.٢١٢٪ |
| تارادەیەكی كەم نا داهێنەر | ٤ | ١٢.١٢١٪ |
| تارادەیەكی زۆر نا داهێنەر | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| تا ئەوپەڕی نا داهێنەر | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

ی- رێژەی پۆشتەیی :

هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (٢١) قوتابیی بە پلەی جۆراوجۆر ( پۆشتە) ی یان دەستنیشانكردووە بەمەش رێژەی ( پۆشتە) یی دەبێتە ( ٦٣.٦٣٦٪ )

| پۆشتە و جل شڕ | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| تا ئەوپەری پۆشتە | ٣ | ٩.٠٩٠٪ |
| تا رادەیەکی زۆر پۆشتە | ١١ | ٣٣.٣٣٣٪ |
| تارادەیەکی کەم پۆشتە | ٧ | ٢١.٢١٢٪ |
| نە پۆشتە و نە جل شڕ | ٤ | ١٢.١٢١٪ |
| تارادەیەکی کەم نا پۆشتە | ٦ | ١٨.١٨١٪ |
| تارادەیەکی زۆر نا پۆشتە | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| تا ئەوپەڕی نا پۆشتە | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

**ك- ڕێژەی کراوەیی :**

**هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (٢٢) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر (کراوە) ی یان دەستنیشانکردووە بەمەش ڕێژەی (کراوە) ی دەبێتە ( ٦٦.٦٦٦٪ )**

| کراوە و داخراو | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| تا ئەوپەری کراوە | ٣ | ٩.٠٩٠٪ |
| تا رادەیەکی زۆر کراوە | ١٣ | ٣٩.٣٩٣٪ |
| تارادەیەکی کەم کراوە | ٦ | ١٨.١٨١٪ |
| نە کراوە و نە داخراو | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| تارادەیەکی کەم نا کراوە | ٥ | ١٥.١٥١٪ |
| تارادەیەکی زۆر نا کراوە | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| تا ئەوپەڕی نا کراوە | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

**م- ڕێژەی دەوڵەمەندی :**

**هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (٢٦) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر ( دەوڵەمەند) ی یان دەستنیشانکردووە بەمەش ڕێژەی (دەوڵەمەند) ی دەبێتە ( ٧٨.٧٨٧٪ )**

| دەوڵەمەند و هەژار | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| تا ئەوپەری دەوڵەمەند | ٦ | ١٨.١٨١٪ |
| تا رادەیەکی زۆر دەوڵەمەند | ١٥ | ٤٥.٤٥٤٪ |
| تارادەیەکی کەم دەوڵەمەند | ٥ | ١٥.١٥١٪ |
| نە دەوڵەمەند و نە هەژار | ٦ | ١٨.١٨١٪ |
| تارادەیەکی کەم نا دەوڵەمەند | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| تارادەیەکی زۆر نا دەوڵەمەند | ٠ | - |
| تا ئەوپەڕی نا دەوڵەمەند | ٠ | - |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

**ن- ریژەی بەویژدانی :**

**هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (٢٠) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر (بەویژدان) ی یان دەستنیشانکردووە بەمەش ریژەی (بەویژدان) ی دەبێتە ( ٦٠.٠٦٠٪ )**

| بە ویژدان و بیٚ ویژدان | ژمارە | ریٚژە |
|---|---|---|
| تا ئەوپەری بەویژدان | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| تا رادەیەکی زۆر بەویژدان | ٦ | ١٨.١٨١٪ |
| تارادەیەکی کەم بەویژدان | ١٢ | ٣٦.٣٦٣٪ |
| نە بەویژدان و نە بیٚ ویژدان | ٣ | ٩.٠٩٠٪ |
| تارادەیەکی کەم بیٚویژدان | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| تارادەیەکی زۆر بیٚویژدان | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| تا ئەوپەڕی بیٚویژدان | ٦ | ١٨.١٨١٪ |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

**س- ریٚژەی رۆشنبیری :**

**هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (٢٢) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر (رۆشنبیر) یان دەستنیشانکردووە بەمەش ریٚژەی (رۆشنبیر) ی دەبێتە (٦٦.٦٦٦٪)**

| رۆشنبیری و نارۆشنبیری | ژمارە | ریٚژە |
|---|---|---|
| تا ئەوپەری رۆشنبیر | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| تا رادەیەکی زۆر رۆشنبیر | ١٠ | ٣٠.٣٠٣٪ |
| تارادەیەکی کەم رۆشنبیر | ١٠ | ٣٠.٣٠٣٪ |
| نە رۆشنبیر و نە نارۆشنبیر | ٧ | ٢١.٢١٢٪ |
| تارادەیەکی کەم نا رۆشنبیر | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| تارادەیەکی زۆر نا رۆشنبیر | ٠ | – |
| تا ئەوپەڕی نا رۆشنبیر | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

**أ- ریٚژەی دڵسۆزی :**

**هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (٣٠) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر (دڵسۆز) ی یان دەستنیشانکردووە بەمەش ریٚژەی (دڵسۆز) ی دەبێتە ( ٩٠.٠٩٠٪ ) .**

| دڵسۆزی و نادڵسۆزی | ژماره | رێژه |
|---|---|---|
| تا ئەوپەڕی دڵسۆزی | ٣ | ٩.٠٩٠٪ |
| تا رادەیەکی زۆر دڵسۆزی | ١١ | ٣٣.٣٣٣٪ |
| تارادەیەکی کەم دڵسۆزی | ١٦ | ٤٨.٤٨٤٪ |
| نەدڵسۆز نە نادڵسۆز | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| تارادەیەکی کەم نادڵسۆز | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| تارادەیەکی زۆر نادڵسۆز | ٠ | – |
| تا ئەوپەڕی نادڵسۆز | ٠ | – |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

**ع- رێژەی چاوتێری :**

**هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (٢١) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر (چاوتێر) ی یان دەستنیشانکردووە بەمەش رێژەی (چاوتێر) ی دەبێتە (٦٣.٣٦٣٪) .**

| چاوتێری و چاوبرسی | ژماره | رێژه |
|---|---|---|
| تا ئەوپەڕی چاوتێر | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| تا رادەیەکی زۆر چاوتێر | ٨ | ٢٤.٢٤٢٪ |
| تارادەیەکی کەم چاوتێر | ١٢ | ٣٦.٣٦٣٪ |
| نە چاوتێر و نە چاوبرسی | ٥ | ١٥.١٥١٪ |
| تارادەیەکی کەم نا چاوتێر | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| تارادەیەکی زۆر نا چاوتێر | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| تا ئەوپەڕی نا چاوتێر | ٤ | ١٢.١٢١٪ |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

**ف- رێژەی زیرەکی :**

**هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (١٦) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر (زیرەك) ی یان دەستنیشانکردووە بەمەش رێژەی (زیرەك) ی دەبێتە (٤٨.٨٤٨٪) .**

| زیرەك و تەمبەڵ | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| تا ئەوپەری زیرەك | ٠ | - |
| تا رادەیەکی زۆر زیرەك | ٧ | ٢١.٢١٢٪ |
| تارادەیەکی کەم زیرەك | ٩ | ٢٧.٢٧٢٪ |
| نە زیرەك نە تەمبەڵ | ٧ | ٢١.٢١٢٪ |
| تارادەیەکی کەم تەمبەڵ | ٥ | ١٥.١٥١٪ |
| تارادەیەکی زۆر تەمبەڵ | ٣ | ٩.٠٩٠٪ |
| تا ئەوپەڕی تەمبەڵ | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

**ص- ڕێژەی هاندان :**

**هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (١٦) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر (هاندەر) ی یان دەستنیشانکردووە بەمەش ڕێژەی (هاندەر) ی دەبێتە (٤٨.٨٤٨٪)**

| هاندەر و شکێنەرەوە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| تا ئەوپەری هاندەر | ١ | ٣.٠٣٠٪ |
| تا رادەیەکی زۆرهاندەر | ٩ | ٢٧.٢٧٢٪ |
| تارادەیەکی کەم هاندەر | ٦ | ١٨.١٨١٪ |
| نە هاندەر نە شکێنەرەوە | ٨ | ٢٤.٢٤٢٪ |
| تارادەیەکی کەم شکێنەرەوە | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| تارادەیەکی زۆر شکێنەرەوە | ٥ | ١٥.١٥١٪ |
| تا ئەوپەڕی شکێنەرەوە | ٢ | ٦.٠٦٠٪ |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

**ق- ڕێژەی بەزەیی :**

**هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دیارە (٢٣) قوتابی بە پلەی جۆراوجۆر (بە بەزەیی) ی یان دەستنیشانکردووە بەمەش ڕێژەی (بە بەزەیی) دەبێتە (٦٩.٦٩٦٪)**

| به بەزەیی و بێ بەزەیی | ژماره | ڕێژه |
|---|---|---|
| تا ئەوپەری بە بەزەیی | ٦ | ١٨.١٨١٪ |
| تا رادەیەکی زۆر بە بەزەیی | ٥ | ١٥.١٥١٪ |
| تارادەیەکی کەم بە بەزەیی | ١٢ | ٣٦.٣٦٣٪ |
| نە بەبەزەیی نە بێ بەزەیی | ٤ | ١٢.١٢١٪ |
| تارادەیەکی کەم بێ بەزەیی | ٠ | - |
| تارادەیەکی زۆر بێ بەزەیی | ٣ | ٩.٠٩٠٪ |
| تا ئەوپەری بێ بەزەیی | ٣ | ٩.٠٩٠٪ |
| سەرجەم | ٣٣ | ١٠٠٪ |

هەروەك لەم خشتانەی سەرەوە بینیمان سیمای پۆزەتیڤەکان بە پلەی جیاواز زاڵە بەسەر سیما نێگەتیڤەکان، تێکڕای ئەم سیما جیاکەرەوانەی کە واتای لاوەکی تاك دەگرێتەخۆ دەبێتە سیمایەکی تاڕادەیەك گشتی بەمەش تێکرای واتای لاوەکی تاك واتای لاوەکی گشتی پێکدێنێت، لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا واتا لاوەکییەکانی مامۆستای زانکۆ لای قوتابیانی بەشی کوردی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین ئەم ڕێزبەندییەی خوارەوەی هەیە بە پێی زۆری ڕێژەی دەنگدان : ( دڵسۆز، باش، دەوڵەمەند، چالاك، گەشبین، گران، بەبەزەیی، جێگیر، کراوە، ڕۆشنبیر، پۆشتە، چاوتێر، بەهەڵوێست، بەویژدان، داهێنەر، زیرەك، هاندەر ). هەروەها تێبینی دەکرێت، کە واتای لاوەکی(دڵسۆز) لە پلەی یەکەم دێت و واتای لاوەکی (زیرەك، هاندەر) لە دوا پلە دێت . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەندێ مامۆستایان لەم بەشە پێویستیان خۆماندووکردن و نوێبوونەوە هەیە لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنیکی نوێی وانەگوتنەوە .

## ئەنجام :

١- سیمای پۆزەتیڤەکان بە پلەی جیاواز زاڵە بەسەر سیما نێگەتیڤەکان و تێکرای واتای لاوەکی تاك واتای لاوەکی گشتی پێکدێنێت .

٢- واتای لاوەکی وشەی مامۆستای زانکۆ لای قوتابیانی قۆناغی چوارەمی بەشی کوردی ئەم ڕێزبەندییەی خوارەوەی وەرگرتووە بە پێی ڕێژەی دەنگەکان .

**( دڵسۆز، باش، دەوڵەمەند، چالاك، گەشبین، گران، بەبەزەیی، جێگیر، كراوە، رۆشنبیر، پۆشتە، چاوتێر، بەهەڵوێست، بەویژدان، داهێنەر، زیرەك، ھاندەر )**

**٣-واتای لاوەكی(دڵسۆز) لە پلەی یەكەم دێت و واتای لاوەكی (زیرەك، ھاندەر) لە دوا پلە دێت ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ھەندێ مامۆستایان لەم بەشە پێویستیان خۆماندووكردن و نوێبوونەوە ھەیە لەگەڵ بەكارھێنانی تەكنیكی نوێی وانەگوتنەوە .**

**پەراوێزەكان :**

-١ ( جمعه سيد يوسف:١٩٩٠:١٨)

-٢ ( Micheal: 1990:5)

-٣ (محمود السعران:٢٠٠٨:٧٣)

-٤ (جمعه سيد يوسف:١٩٩٠:١٩)

-٥ (ميلكا افيتش:١٩٩٦:٣١٠)

-٦ (نوال محمد عطية:١٩٧٥:٨١)

-٧ (Lyons:1977:159)

-٨ (محمد على الخولى:١٩٩١:٥١)

-٩ (سالم سليمان الخماش:١٤٢٨:٤٠).

-١٠ (عبدالهادى الفضلى:١٤١٥:٣١).

-١١ (سالم سليمان الخماش:١٤٢٨:٤٠).

-١٢ (عبدالهادى الفضلى:١٤١٥:٣١).

-١٣ (سالم سليمان الخماش :١٤٢٨:٤١).

-١٤ (مصطفى فهمى:(-) :١٦٧-١٦٩)

-١٥ (احمد مختار عمر:١٩٨٢: ٨٦)

-١٦ (محمد حسين عبدالعزيز:٢٠٠٩:٤٤).

-١٧ زاراوەی (ئامانج) ئاماژە بۆ ئەو كەسە دەكات كە لە لایەن توێژەرەوە رەفتاری دەپێورێت .

-١٨ (ھەمان سەرچاوە : ٩١)

-١٩ (احمد مختار عمر:١٩٨٢:٤٨).

-٢٠ ( نوال محمد عطية: ١٩٧٥:٣٢)

-٢١ (ھەمان سەرچاوە:٨٢)

-٢٢ ( Bloomfield:1933:22)

-٢٣ (نوال محمد عطية: ١٩٧٥:٨٣)

-٢٤ (ھەمان سەرچاوە : ٨٣)

-٢٥ (احمد مختار عمر :١٩٨٢:٤٢)

-٢٦ (أنس شكشك:٢٠٠٩:٦٢)

[٢٧]- (محمد على الخولى: ٢٠٠١:٨١)

[٢٨]- (**تونيا ريمان** :٢٠٠٩:٢٢٩)

[٢٩]- (كامل محمد محمد عويضة :١٩٩٦:٣١)

[٣٠]- (**محمد على الخولى** :٢٠٠١: ٧٦)

## سەرچاوەكان :


A- **بەزمانى عەرەبى :**

١- احمد مختار عمر (١٩٨٢) علم الدلالة، الطبعة الاولى مكتبة دار العروبة للنشر و التوزيع، الكويت .
٢- أنس شكشك (٢٠٠٩) اسرار الشخصية و بناءالذات، دار الكتب العربية، بيروت .
٣- تونيا ريمان (٢٠٠٩) قوة لغة الجسد، الطبعة الاولى، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت .
٤- جمعة سيد يوسف (١٩٩٠) سيكولوجية اللغة والمرض العقلى، سلسلة عالم المعرفة العدد (١٤٥) المجلس الوطنى للثقافة والفنون والاداب، الكويت.
٥- داود عبدة (١٩٨٤) دراسات فى علم اللغة النفسى، مطبوعات جامعة الكويت، الكويت .
٦- سالم سليمان الخماش (١٤٢٨هـ) المعجم و علم الدلالة، جامعة ملك عبدالعزيز بجدة، كلية الاداب و العلوم الانسانية، قسم اللغة العربية، الجدة.
٧- عبدالهادى الفضلى(١٤١٥) خلاصة المنطق، منشورات دار الاعتصام للتأليف و الترجمة و الطباعة و النشرط ٣، مطبعة المهر، الجمهورية الاسلامية الايرانية .
٨-كامل محمد محمد عويضة (١٩٩٦) علم النفس الشخصية، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية ، بيروت .
٩- ليلى شحرور (٢٠٠٩) فن التواصل و الاقناع، الطبعة الاولى ، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت .
١٠- محمد حسن عبدالعزيز (٢٠٠٩) علم اللغة الاجتماعى، مكتبة الاداب، دار الكتب المصرية ، القاهرة .
١١- محمد على الخولى (١٩٩١) معجم علم اللغة النظرى، انكليزى- عربى، بيروت،لبنان .
١٢- محمد على الخولى (٢٠٠١) علم الدلالة، علم المعنى، دار الفلاح للنشر و التوزيع، عمان، الاردن .
١٣- محمود السعران (د-ت) علم اللغة مقدمة للقارىء العربى، دار النهضة العربية، بيروت ، لبنان .
١٤- مصطفى فهمى (د.ت) مجالات علم النفس، دار المصر للطباعة، المصر.
١٥- ميلكا افيتش (١٩٩٦) اتجاهات البحث اللسانى ترجمة : سيد عبدالعزيز مصلوية & وفاء كامل فايد، بغداد .
١٦- نوال محمد عطية (١٩٧٥) علم النفس اللغوى، الطبعة الاولى، مكتبة انجلو المصرية .

B. **بەزمانى ئینگلیزی :**

1.BLOM FIELD, L, (1933) “Language” Holt, Rinehart & Winston. New York.
2.GARMAN; MICHEAL (1990) “Psycholinguistics” Cambridge, Text book in Linguistics Cambridge University press Great Britain.

## الملخص

قياس المعنى الاضافى لكلمة (الاستاذ الجامعى) عند الطلاب البحث
يتناول قياس المعنى الإضافي الذي أضافه طلاب المرحلة الرابعة في قسم اللغة الكوردية لسنة الدراسية ٢٠١٢-٢٠١٣، حيث يتم قياس المعاني الإضافية حسب المنهج التحليلي الوصفي ، وفق قياس أوزكود للمعنى ، في محورين هما
المحور الأول يتناول العناوين التالية : العلاقة بين اللغة و علم النفس ، المفهوم و المعنى ، أنواع المفاهيم، تكوين المفاهيم، تصنيف المفاهيم، قياس المعنى الإضافي، تحديد المفاهيم عن طريق القياس .
المحور الثاني : يتناول قياس المعنى الإضافي لكلمة الأستاذ، و يحتوي على العناوين التالية : مفهوم المعنى المركزي لكلمة الأستاذ الجامعي، قياس مفهوم المعنى الإضافي لكلمة الأستاذ الجامعي، مفهوم المعنى الإضافي لكلمة الأستاذ الجامعي.
فى نهاية البحث تبين الأستاذ الجامعي بدرجات متفاوتة تحمل الخصائص التالية بالموجب حسب التدرج نسبة التصويت : ( الوفاء، الإحسان ، الثراء، النشاط ، التفاؤل، التوازن، الترحم، الثبات، الانفتاح، الثقافة ، المظهر، السخاء ، الموقف، الضمير، الإبداع، الذكاء، التشجيع )



## Abstract

**The measurement of Connotative meaning of the word" University lecturer " by students**

The present study tackles the measurement of conceptual or connotative meaning that are added by the students of fourth stage of department of Kurdish in 2013-2012. This measurement is performed by utilizing the analytic-descriptive model, according to Osgood model of meaning.

The paper is on two points: the first one explores the relation between language & psychology, concept and meaning, types of concepts, construction of concepts, classification of concepts, measurement of conceptual meaning, defining the concepts by measurement. The second point treats the measurement of Connotative meaning of the word" University lecturer "in the light of the following: the definition of lexical meaning of this word, measurement of Connotative meaning of this word, the definition of the Connotative meaning of the mentioned word.

It concludes that the mentioned word is of different levels of secondary features, based on the voting of the students. Gradually, these features added by the students to the mentioned word are : Sincerity, benevolence, wealth, activity, optimism, poise, pray for mercy, fortitude, opening up, cultured, Physical Appearance, largesse, position, conscience, creativity, intelligence, encouraging